# هەنگوینی لەزەت

عومەر کەریم بەرزنجی

(پێشکەشە بە شاگوڵی ژیان)

-1-

لە سنگتدا بۆنی بەهەشت دەکەم
لە لێوتا هەنگوینی مزری لەزەت
دەنۆشم
تۆ دێیتو بەئەفسونی نیگاکانت
مەستم دەکەیت.
مەست مەست.
دەتبینم تۆدەریای عەشقێکی
ئەبەدیت.
پێم مەڵێ بۆ هێندە تامەزرۆی،
نیگامی.
هەر تۆم هەی ئەیگوڵی ژیانم.
تۆ نەبی بەهارم خەزانەو،
وەك گەڵای درەختان.
قوربانی باهۆزی پایزم.

-2-

بەغەریبیت دەسپێرم گوڵەباخ
لەپاڵ درەختێکی دەست تەزیوی
کەناری ئەم شەقامەدا،
بۆ شوێن پێیەکت دەگەڕێم. . !!
ئەی کۆچەری
خۆ لە دڵما پەنابەریٚ نەبووی
تا ئەلبومی یادەوەرییەکانم

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
18-2-2003 8:56

تورِ دەیت و...

پەڕەی گوڵی خەونەکانم هەڵوەرێنی.

-3-

لێم ببورە

گەر هاتوو لە ژووانێکا.

لێوی تینووم،

توند لێوانتی گەستبێ.

لێم ببورە

ڕەنگە لە ساتی لێك ئاڵان.

توند لە ئامێزم گرتبێ و

تۆی ناسکم رووشاندبێ.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت